حەڵاڵ نییە بۆ مسوڵمانێک کە سێ (ڕۆژ) زیاتر دەنگ لە براکەی دابڕێت، هەرکەسێک سێ (ڕۆژ) زیاتر دەنگ دابڕێت؛ وبمرێت دەچێتە دۆزەخەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «حەڵاڵ نییە بۆ مسوڵمانێک کە سێ (ڕۆژ) زیاتر دەنگ لە براکەی دابڕێت (هەجری بکات)، هەرکەسێک سێ (ڕۆژ) زیاتر دەنگ دابڕێت؛ وبمرێت دەچێتە دۆزەخەوە».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: حەڵاڵ نییە بۆ مسوڵمانێک کە سێ (ڕۆژ) زیاتر دەنگ لە براکەی دابڕێت (هەجری بکات)، ئەگەر ئەم هەجرکردنە بە هۆکاری نەفس ودونیا بێت، بەڵام ئەگەر مەبەستەکە شەرعی بێت؛ ئەوا هەجرکردن دروستە ولەوەیە واجب بێت، وەکو هەجرکردنی ئەهلی بیدعە -بیدعەچیەکان- وفاسق وتاوانبارەکان ئەگەر تەوبە نەکەن، وئەوەی دەنگ لە براکەی دابڕێت بۆ هۆکاری دونیایی وهەجری بکات وپاشان بمرێت بێ ئەوەی تەوبەی کردبێت لە ئەم تاوانە؛ ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە چونکە سوور بووە لەسەر تاوانی هەجرکردن وتەوبەی لێنەکرد، وزانراوە هەرمسوڵمانێک بمرێت وبچێتە دۆزەخەوە وخوای گەورە لێی خۆش نەبێت؛ ئەوا هەر لە دۆزەخ دەردەچێت وبۆ هەتاهەتایە تێیدا نامێنێتەوە، وتەنها کافرەکان -بێباوەڕەکان- بۆ هەتاهەتایی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8882